www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا28-4-2006 11:02

## ئیمڕۆ پیروزبایی لە جەلال تاڵەبانی و سبەینێ تفکردن لەخۆ، دوو ڕووی یەک فلسە سوورن ... دووریار ئەحمەد

کاك عومەر فارس، بەرپرسی سایتی کوردستان نێت، چەند ڕۆژ لەومەوپێش بەبۆنەی هەڵبژاردنی جەلال تاڵەبانییەوە بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری عێراق پیرۆزبایی خۆی و سایتەکەی نارد بۆ جەلال تاڵەبانی. بۆ ڕۆژی دوایی بە بۆنەی هاتنە زمانی یەکێك لە میمکە ڕەعناکانی کوردستان، کەوتە تفکردن لە خۆی. ئەوە یەکەم ڕۆشنبیری کوردی نییە و دواهەمین ڕۆشنبیریش نابێت. منیش لە جیاتی کاك عومر بوومایە هەر ئەوەم دەکرد. وە ئەگەر یەکێکیش بەو ناوەدا ڕۆیشتبێت و تفێکی بەرکەوتبێت، دەبێت بۆی ئاسایی بێت و نەیکات بە هەرا. ئینسان کە نزیکی کورە بێت، چەند وریاش بێت، هەر پڕیشکی بەردەکەوێت. ئینجا وەرە خۆت لەناو کورەکەدا بیت، شەو و ڕۆژ تەماشای سەتەلایتە کوردییەکانی کوردسات و کوردستان تێ ڤێ بکەیت، گوێ بۆ هەواڵەکانی سەرکردە دەسەڵاتدارەکان بگریت، دوایی دانیشی بە دیار شانۆگەری ڕەشەی پۆلیسەوە و ئینجا ئەو هەموو گۆرانی و مۆسیقا لەبننەهاتووە سەرمەستت بکات، دەبێت سەڵاوات بنێریت کە شەو دەچیتە جێگاوە و بەیانی لەو سەرەوە ڕاست دەبیتەوە، وەك ئەوەی نە بات دیبێت نە باران.

کاك عومەر هەر خۆی دەزانێت، خوێندەواران چەند دڵیان فراوانە، بەرگەی هەموو شتێك دەگرن و بە هەموو شتێك خۆشە بوون. ئەگینا ئەگەر وا نەبێت، چۆن کاك عومەر ڕۆژێك هەرچی کاغەز و پێناسەی هەیە، کە ناوی عێراقی بەسەرەوەیە لە ناودەبات و لە کوردستان نێتدا بۆ ماوەی مانگێك دەیکات بە هەرا کە عێراقی نییە، کەچی ڕۆژێکی تر چنگ لەسەر شان بە کارتی بائیعی شەکر و چاوە دەچێت بۆ کوردستان و بەشداری لە هەڵبژاردنی دەستوری عێراقی تازە دەکات.

عێراقێك تروسکایی ئینسانییەت چییە تیادا نەماوە و بۆتە دەوڵەمەندترین وڵاتی جیهان بۆ ناردنە دەرەوەی ترۆریزم. ئەم عێراقە تازەیە عێراقی شەستەکان نییە، کە حیزبی ناسیونالستی بەعسی عەربی دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت، بە هەموو توانابییەکانییەوە کەوتە پاشەکشێکردن بە خەڵکەکەی تا بەم عێراقە تازەیەیی کاك عومەری گەیاند.

بەشێك لەم توانابییانە خەرجی ڕۆشنبیرانی عەرەبی ئەو سەردەمە کرا. بەشێکیان کە لە خۆیان بوو، بەشێکیان پاش هەندێك دەستکاری بەرهەمە کۆن و تازەکانیان بوون بە خۆیان و باقییەکەیان یان لە زمان کەوتن یان زمانیان بڕیین.

ئەم پرۆسەیە لە کوردستاندا دەمێکە دەستی پێکردووە. بێهۆ نییە هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانێکی زۆر گومان لە بوونی خۆیان بکەن، کۆمەڵانێکی بەرینی خەڵك بەرهەمی هونەری و ڕۆشنبیری ساڵەکانی حەفتای ژێر سایەی دیکتاتۆرییەت بە سەردەمی زێرین دابنێت.
ئەمە زۆر ڕشنە، کاك عومەر تەنیا نییە، هەتا ئەگەر تفیش لە خۆی نەکات خەڵك دەیبینێت. بەڵام وا باشتر بوو کاك عومەر بچوایە بەر ئاوێنە یان نوسراوەکەی بناردایە بۆ سایتێکی تر، چونکو کوردستان نێت جێگای جنێوفرۆشان نییە، وەك بەرپرسەکەی دەیڵێت.

hanaahmad94@hotmail.com